بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

وَيْلٌ لِّلْمُطَفِّفِينَ ﴿1﴾

هاوارو ئاهو ناڵە بۆ تەرازوو بازەکان، بۆ ئەوانەی لە کێشان و پێواندا لە کڕین و فرۆشتندا تەرازووبازیی و فێڵ دەکەن.

الَّذِينَ إِذَا اكْتَالُواْ عَلَى النَّاسِ يَسْتَوْفُونَ ﴿2﴾

ئەوانەی کاتێك شت لە خەڵکی دەکڕن بە تەواویی وە بە زیادەوە لێیان وەردەگرن.

وَإِذَا كَالُوهُمْ أَو وَّزَنُوهُمْ يُخْسِرُونَ ﴿3﴾

بەڵام کاتێك کە شتیان پێ دەفرۆشن، یا دەکێشن، یا دەپێون لێی دەدزنەوە کەمیان دەدەنێ و فێڵیان لێ دەکەن.

أَلَا يَظُنُّ أُولَئِكَ أَنَّهُم مَّبْعُوثُونَ ﴿4﴾

باشە ئەوانە گومان نابەن و بڕوایان نیە کە زیندوو دەکرێنەوە (تا سەرئەنجامی خیانەت و فێڵیان وەرگرن).

لِيَوْمٍ عَظِيمٍ ﴿5﴾

لە ڕۆژێکی زۆر سامناك و ترسناکدا.

يَوْمَ يَقُومُ النَّاسُ لِرَبِّ الْعَالَمِينَ ﴿6﴾

ئەو ڕۆژەی کە هەموو خەڵکی بە پێوە دەوەستن لە بەردەمی پەروەدگاری جیهانەکاندا.

كَلَّا إِنَّ كِتَابَ الْفُجَّارِ لَفِي سِجِّينٍ ﴿7﴾

نه‌خر، (ئه‌و ڕۆژه‌ هه‌رگیز خوانه‌ناسان سه‌رفراز نین)، به‌ڵكو نامه‌ی كرده‌وه‌ی تاوانباران له‌ (سجین)دایه‌.

وَمَا أَدْرَاكَ مَا سِجِّينٌ ﴿8﴾

جا تۆ چووزانی (سجین) چییه‌؟

كِتَابٌ مَّرْقُومٌ ﴿9﴾

نامه‌یه‌كی (دیاری و ئاشكرایه‌ هه‌ر به‌ ڕواڵه‌تیدا دیاره‌ كه‌ خێری تیا نیه‌)، مۆر كراوو لۆك كراویشه‌.

وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ ﴿10﴾

هاوارو ئاهو ناڵه‌ له‌و ڕۆژه‌دا بۆ ئه‌وانه‌ی باوه‌ڕیان نیه‌و، به‌رنامه‌ی خوا درۆ ده‌خه‌نه‌وه‌.

الَّذِينَ يُكَذِّبُونَ بِيَوْمِ الدِّينِ ﴿11﴾

ئه‌وانه‌ی كه‌ باوه‌ڕیان به‌ زیندوو بونه‌وه‌ نیه‌و هه‌میشه‌ به‌ درۆی ده‌زانن.

وَمَا يُكَذِّبُ بِهِ إِلَّا كُلُّ مُعْتَدٍ أَثِيمٍ ﴿12﴾

كه‌سیش به‌رپابوونی ئه‌و ڕۆژه‌ به‌ درۆ ناخاته‌وه‌، مه‌گه‌ر گوناهكارو سته‌مكاران.

إِذَا تُتْلَى عَلَيْهِ آيَاتُنَا قَالَ أَسَاطِيرُ الْأَوَّلِينَ ﴿13﴾

ئه‌و جۆره‌ كه‌سانه‌ی كاتێك ئایه‌ته‌كانی ئێمه‌یان به‌سه‌ردا ده‌خوێنرێته‌وه‌، ده‌ ڵێن: ئه‌مه‌ داستانی پێشوه‌كانه‌و (به‌سه‌رچووه‌)..!!

كَلَّا بَلْ رَانَ عَلَى قُلُوبِهِم مَّا كَانُوا يَكْسِبُونَ ﴿14﴾

نەخێر، (ئەو نەفامانە تێناگەن و داناچڵەکێن) بەڵکو دڵیان ژەنگی هێناوەو چڵکی گوناه دایپۆشیوە لە سەرئەنجامی کارو کردەوەی ناپەسەندیان.

كَلَّا إِنَّهُمْ عَن رَّبِّهِمْ يَوْمَئِذٍ لَّمَحْجُوبُونَ ﴿15﴾

نەخێر، ئەوانە ئەو ڕۆژە بەربەست هەیە لە نێوان ئەوان و پەروەردگاریاندا و ئەو زاتە نابینن.

ثُمَّ إِنَّهُمْ لَصَالُوا الْجَحِيمِ ﴿16﴾

لەوەودوا دەخرێنە ناو ئاگری دۆزەخەوە.

ثُمَّ يُقَالُ هَذَا الَّذِي كُنتُم بِهِ تُكَذِّبُونَ ﴿17﴾

پاشان پێیان دەوترێت: ئا ئەمە ئەو شوێنەیە کە بڕواتان پێی نەبوو بەڕاستتان نەدەزانی.

كَلَّا إِنَّ كِتَابَ الْأَبْرَارِ لَفِي عِلِّيِّينَ ﴿18﴾

نەخێر (دەستەی سەرفەرازان دوورن لەو تەنگانەیە) بەڵکو نامەی کردەوەکانیان، دۆسیەی ڕەفتاریان وا لە شوێنە بەرزو بڵندەکاندا.

وَمَا أَدْرَاكَ مَا عِلِّيُّونَ ﴿19﴾

جا تۆ چووزانی (علیون) چیەو چۆنە؟

كِتَابٌ مَّرْقُومٌ ﴿20﴾

نامەیەکەی (دیارو ئاشکرایە، هەر بە ڕواڵەتیدا دیارە کە خاوەنی سەرفەرازو بەختەوەرە) مۆرکرابوو لۆك کراویشە.

يَشْهَدُهُ الْمُقَرَّبُونَ ﴿21﴾

(ئەو نامەیە) فریشتە بەڕیزەکان دەیکەنەوەو (بەسەرسامیی و خۆشیەوە سەرنجی چاکەو خواپەرستی چاکان دەدەن و) شایەتی لەسەر دەدەن.

إِنَّ الْأَبْرَارَ لَفِي نَعِيمٍ ﴿22﴾

بە ڕاستی چاکان، خواناسان لەناو نازو نیعمەتدا ژیانی خۆشیی و شادی دەبەنە سەر.

عَلَى الْأَرَائِكِ يَنظُرُونَ ﴿23﴾

لەسەر کورسی و قەنەفە ڕازاوەکان تەماشای دەوروبەری خۆیان دەکەن (سەرنجی دیمەنی جوان و باخات و باخچەو گوڵ و گوڵزارو تاڤگەو ڕووبارو نازو نیعمەتە نەبڕاوە و بێشومارەکان دەدەن).

تَعْرِفُ فِي وُجُوهِهِمْ نَضْرَةَ النَّعِيمِ ﴿24﴾

هەر لە ڕوخساریاندا ناسکیەرووەری دیارو ئاشکرایە.

يُسْقَوْنَ مِن رَّحِيقٍ مَّخْتُومٍ ﴿25﴾

شەرابێکیان پێشکەش دەکرێت، کە تایبەتی و سەرمۆرە.

خِتَامُهُ مِسْكٌ وَفِي ذَلِكَ فَلْيَتَنَافَسِ الْمُتَنَافِسُونَ ﴿26﴾

کە نۆشکرا بۆنی میسك ئەو ناوە پڕ دەکات، (پێچەوانەی شەرابی دنیایە کە بخۆرو دەوروبەریش بۆگەن دەکات)، جا بۆ بەدەست هێنانی ئەو شەرابە و ئەو هەموو نازو نیعمەتانە ئەوانەی پێشبڕکێ دەکەن و کێبەرکێ دەکەن با بیکەن و هەوڵ بدەن.

وَمِزَاجُهُ مِن تَسْنِيمٍ ﴿27﴾

هەروەها ئەو شەرابە (تسنيم)ی تێکەڵکراوە (کە ئەویش مادەیەکی بۆنخۆش و تامخۆشە).

عَيْنًا يَشْرَبُ بِهَا الْمُقَرَّبُونَ ﴿28﴾

ئەو سەرچاوەیە خۆشەویستان و نزیکان لێی دەخۆنەوە.

إِنَّ الَّذِينَ أَجْرَمُوا كَانُواْ مِنَ الَّذِينَ آمَنُوا يَضْحَكُونَ ﴿29﴾

(جا کاتی خۆی لە دنیادا)، ئەوانەی کە تاوانبار بوون گاڵتەیان بە ئیمانداران دەهات و پێیان پێ دەکەنین.

وَإِذَا مَرُّواْ بِهِمْ يَتَغَامَزُونَ ﴿30﴾

کاتێك کە بەلایاندا تێپەڕبوونایە چپەچپ و سرتە سرتیان دەکردو لاقرتێیان ئەنجام دەدا.

وَإِذَا انقَلَبُواْ إِلَى أَهْلِهِمُ انقَلَبُواْ فَكِهِينَ ﴿31﴾

کاتێك کە دەگەڕانەوە بۆ ماڵەوە، بە دەم پێکەنین و گاڵتەوە دەگەڕانەوە (هەر باسیان دەکردن).

وَإِذَا رَأَوْهُمْ قَالُوا إِنَّ هَؤُلَاء لَضَالُّونَ ﴿32﴾

کاتێك كه‌ ئیماندارانیان ده‌بینی، ده‌یانوت: به‌ڕاستی ئه‌وانه‌ سه‌رلێشێواون، ئه‌وانه‌ دوای كڵاوی بابردوو كه‌وتوون؟!

وَمَا أُرْسِلُوا عَلَيْهِمْ حَافِظِينَ ﴿33﴾

به‌مه‌رجێك (ئه‌و خوانه‌ناسانه‌) ڕه‌وانه‌ نه‌كراون تا چاودێربن به‌سه‌ر ئیماندارانه‌وه‌.

فَالْيَوْمَ الَّذِينَ آمَنُواْ مِنَ الْكُفَّارِ يَضْحَكُونَ ﴿34﴾

(ئه‌مڕۆ ئیتر نۆره‌ی ئیماندارانه‌) ئه‌مڕۆ ئه‌وانه‌ی باوه‌ڕداربوون به‌ كافران پێده‌كه‌نن.

عَلَى الْأَرَائِكِ يَنظُرُونَ ﴿35﴾

له‌سه‌ر كورسی و قه‌نه‌فه‌ (ڕازاوه‌كان) ته‌ماشا ده‌كه‌ن (دۆزه‌خیه‌كان ده‌بینن له‌سه‌ر شاشه‌ی تایبه‌تی وه‌ پێیان ده‌ا ن:)

هَلْ ثُوِّبَ الْكُفَّارُ مَا كَانُوا يَفْعَلُونَ ﴿36﴾

باشه‌ ئایا كافران پاداشتی كارو كرده‌وه‌ی خۆیانیان وه‌رگرت؟! (كه‌ جگه‌ له‌ ڕیسوا بوون و خه‌جاڵه‌تی شتێكی تر نیه‌).